# نهێنییەکانی ئێسکی ورچی نەخشێنراوی ١٣٠ هەزار ساڵ پێش ئەمڕۆ لە لایەن مرۆڤی نیاندەرتاڵ لە ناوچەی "Karpaten" دۆزرایەوە

وەرگێڕان و نووسینی نادر فەتحی (شوانە)

ڕەزبەری ٢٠٢٤ی زایینی



دۆزینەوەیەکی شوێنەواریی بەرچاو لە کاتی هەڵکۆڵینی ئەشکەوتی دزیادۆوا سکالا "Dziadowa Skala" لە ناوچە بەرزاییەکانی چیستۆچۆوا "Tschenstochau"ی باشووری وڵاتی پۆڵۆنیا (لەهیستان) لە ساڵانی ١٩٥٠ بەڕێوەچوو. ئێسکی ورچی نەخشێنراو کە تەمەنی ١٣٠ هەزار ساڵە و لە چیای کارپاتیا دۆزراوەتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی نیاندەرتاڵەکان، شوێنەوارێکی سەرنجراکێشە کە تێڕوانینێک لەسەر توانایی مەعریفەی مرۆڤی نیاندەرتاڵ و پراکتیزە کولتوورییەکانی بە ئێمە دەدات. ئەم دۆزینەوە پرسیار لەسەر دەربڕینی ڕەمز و هونەری خزمە لەناوچووەکانمان دەوروژێنێت.

سەرەتا زانایانی ئەو بوارە پێیان وابوو ئەو ئێسکە نامۆیە پەراسووی ورچە. تیمی توێژینەوەکە ئەم ئێسکەیان لە توێژێکی زەوییەوە هەڵکەندووە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیم"Eem"[1] کە ١٣٠ بۆ ١١٥ هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە واتە سەردەمێکی تاڕادەیەک گەرمتر بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ دوایین سەردەمی سەهۆڵبەندانە. ئەم ئێسکی ورچە نەخشێنراوە لە مێژە وەك کۆنترین بەڵگەی توانایی هونەریی نیاندەرتاڵ لە ناوچەکە ناسراوە، بەڵام تا ئەم دواییانە هەرگیز لێکۆڵینەوەی ورد و بەرفراوانی لەسەر نەکرابوو.

تۆماس پلۆنکا "Tomasz Płonka"، پرۆفسۆر و مامۆستای شوێنەوارناسی لە زانکۆی بڕێسلاو "Breslau" و تیمەکەی بە بەکارهێنانی تەکنیکە پێشکەوتووەکان شیکارییەکی گشتگیریان بۆ ئەم دۆزینەوەیە بەڕێوەبردووە. ئەوان بە بەکارهێنانی مایکرۆسکۆپی سێ ڕەهەندی و سکانی تۆمۆگرافی کۆمپیوتەریی (CT) مۆدێلێکی دیجیتاڵی ئێسکەکەیان نوێژەن کردۆتەوە. بە پشتبەستن بەم مۆدێلە وردە، توێژەران چەندین تایبەتمەندی سەرەکییان دەستنیشان کردووە کە گومانی ئەوە دەکەن نیشانەکان بە مەبەستەوە ڕێکخراون. یەکەم: نیشانەکان نەخشێکی هاوچەشنیان هەیە، کە شوێنە بڕاوەکان بە شێوەیەکی هاوشێوە بەردەوام دووپات دەبنەوە. دووەم: سەرەڕای هەندێک جیاوازی لە قەبارەیاندا، نیشانەکان فۆرم و شێوازێکی بنەڕەتی هاوشێوەیان هەیە. سێیەم: نیشانەکان لە ناوچەیەکی دیاریکراوی ئێسکەکاندا سنووردار کراون، باوەکوو شوێنی گەلێك زیاتر و بەربڵاوتریشیان هەیە. هەروەها لە کۆتاییدا، نیشانە بڕاوەکان بە

[1] دوا قۆناغی سەردەمێکی گەرم بوو پێش سەردەمی سارد (هۆلۆسین) و لە نزیکەی ١٣٠ هەزار بۆ ١١٥ هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگرێتەوە. ناوی لە ڕووباری ئیم لە هۆڵەندا وەرگیراوە، کە بۆ یەکەمجار بەڵگەی جیۆلۆژی ئەم قۆناغە لەوێ دۆزرایەوە.

شێوەیەکی سیستماتیک ڕێکخراون، هەرچەندە مەودای نێوانیان کەمێک جیاوازە.

لەسەر بنەمای ئەم تێبینیانە، توێژەران گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە نیشانەکان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی یان بەبێ مەبەست دروست نەکراون، بەڵکوو بە مەبەستی ڕێکخستن خولقێندراون. ئەو نەخشاندن و بڕینانەی لەسەر شوێنەوارە جیاوازەکان دۆزراونەتەوە، چەندین لێکدانەوەیان لەنێو زانایان و توێژەران دروستکردووە. باوترین تیۆری، ئەو بیرۆکەیە ڕەتدەکاتەوە کە ئەوان تەنیا ئاکار کێوی بوون و پێشنیاری ئەوە دەکەن کە ئەم نیشانانە وەک نوێنەرایەتییەکی هێمادار، نووسینی ژمارەیی، یان دەرکەوتنی سەرەتایی هەستیارییەکی جوانکاری گەشەسەندوو بگیرێنە بەرچاو. ئەم لێکدانەوانە ڕۆشنایی دەخەنە سەر گەشەسەندنی مەعریفی و کولتووری باوباپیرانمان، تێڕوانینێک لەسەر بیرکردنەوەی ڕەمزی، تێگەیشتنی ژمارەیی و دەربڕینی هونەرییان بۆ دەڕەخسێنن.

تیمی توێژینەوەکە شیکارییەکی گشتگیریان بۆ دیاریکردنی شێوازی بڕینەکانی سەر ئێسکە نەخشێندراوەکان ئەنجامداوە. ئەوان ڕێگەیەکی تاقیکارییان گرتەبەر، کە بە بەکارهێنانی کۆپی تیغی سەردەمی بەردی کۆن و چەقۆی کولی سەردەمی "Mittelpaläolithik" لەسەر ئێسکی تازەی گا نیشانەی لەسەر هەڵکەنن.

بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئەو کارەیان، تایبەتمەندییەکانی ئەو شوێنەوارانەی لەسەر ئێسکی دزیدۆوا سکالا دۆزراونەتەوە، ئاماژە بەوە دەکەن کە بەهۆی لەتکردن و بڕینی گۆشتی ئاژەڵەکان پێکنەهاتوون. تیمی توێژینەوەکە لە توێژینەوەکەیاندا نووسیویانە: "لە سەرووی هەموو شتێکەوە شوێنە بڕاوەکان وێدەچێ بەڵگەی مۆرفۆلۆژیایی بن، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە شوێنە بڕاوەکان بەهۆی جوڵانەوەی

دووپاتبووەوە لە ئاراستەی خوڵقێنەرەکە دروستکراون، کە بۆ پێکهێنانی شوێنی بڕاوی ئەوتۆ گەلێك نائاسایيە".

بە گوتەی زانایان، بڕینی ئێسکەکانی ئەشکەوتی دزیدۆوا سکالا هەندێک تایبەتمەندیان هەیە کە لەگەڵ بنەماکانی ڕێکخستنی هەستپێکردندا یەکدەگرنەوە و توانایی مەعریفی و ڕەنگدانەوەی بەرچاوی ئەو کەسە پیشان دەدەن کە دروستی کردووە. ئەم نیشانانە ئاڵۆزیی و مەبەستداربوونێک پیشان دەدەن کە پێویستی بە تێگەیشتنێکی ئاڵۆز لە لێهاتویی بینراو و توانایی گەیاندنی مانا لە ڕێگەی نوێنەرایەتیکردنی هێمادارەوە هەیە.



ئێسکی ورچی نەخشێنراو لە لایەن مرۆڤی نیاندرتاڵەوە

چاودێری و سەرنجی پرۆفیسۆر پلۆنکا "Płonka" بۆ شێوازی هاوشێوەی بڕینەکان لەگەڵ تایبەتمەندیی چەمانەوە و خواربوونەوەی خۆیان لەلای ڕاستەوە، تێڕوانینێکی گەلێك بەنرخ بە مرۆڤ دەدات. لەسەر ئەو ڕاستییەی شوێنی بڕینەکان بەم ئاراستەیەدا کێشراون، هەروەها بۆ کێشانەوەی ئەم نەخشانە لەسەر ئێسکەکە کەڵك لە کەرەستەی سەردەمی بەردین وەرگیراوە، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەو تاکە نیاندەرتاڵەی ئەم نیشانانەی دروست کردووە، دەست ڕاست بووە. چونکە ئەگەر تاقیکەرەوەیەکی دەستی ڕاست بە جوڵاندنی ئامێرەکە بەرەو جەستەی خۆی، بڕینەکانی بە ئاراستەیەکی دیاریکراودا

کێشرابێ، ئاماژەیەکی بەهێزە کە ئەو نیاندەرتاڵەی دەستکاری شتە ڕەسەنەکەی کردووە، لە دەستی ڕاستی کەڵکوەرگرتووە. ئەم دۆزینەوە تێڕوانینێک بۆ توانایی مەعریفی، پۆتانسێل و لێهاتووییەکانی پەیوەندی هێمادار لە نێوان باوباپیرانماندا پێشکەش دەکات. ئەوەی جێگای سەرنجە، نەخشەی تایبەتی ئەم بڕینانەیە کە ئەگەری ئەوە پیشان دەدات دروستکەرەکە هەوڵی گەیاندنی جۆرێک لە پەیامی ژمارە یان هێمایی دەدا، هەرچەندە مانای وردیان تا ئێستا ڕوون نییە.

ئاماژە بەوەش کراوە، "ئێسکی ورچی دۆزراوە لە ئەشکەوتی سکالای دزیادۆوا نموونەی هەڵسوکەوتی ڕەمزیی سەرەتایی نیاندەرتاڵەکانە. ئەم چالاکییە لە ڕێگای دۆزینەوەی نەخشە ئەندازەییە سادەکان لەسەر میدیای جۆراوجۆر بەڵگەدار کراوە. ئەم بەڵگە گرنگانە بۆ سەرچاوە و ڕوودانی ئەم نەخشە ڕەفتارییە لە سەرانسەری جیهاندا پێشکەش کراوە، کە لە مرۆڤی "Homo erectus sensu lato"وە دەست پێکردووە.

شیکارییەکانی ئەم دواییە دەریدەخەن کە نیشانەکان لەلایەن کەسێکی ڕاست دەستەوە لە ڕێگەی بڕینی دووپاتکراوە ئەنجامدراون، زۆربەیان بە بەکارهێنانی تەکنیکێك بەڕێوەچوون کە بەرەو لای دانیشتنی مرۆڤە خوڵقێنەرەکەوە هەڵقەندراون. دیارە بڕینەکان هیچ ئامانجێکی پراکتیکییان نەبووە، سەرەڕای ئەوەش، ڕەنگە بەکارهێنانی پەیامە هێمادارەکان ڕەفتارێکی ئاسایی نەبووبێت یان ڕەنگە پەیامێکی ناجێگیری تێدابێت وەک لە هونەری زیخ و خۆڵەمێشی ناڤاجۆ "Navajo"[2]دا دەبینرێ. تاقیکاریی زانایان ئەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە کە تەنیا دوای هاتنی هۆمۆ ساپییەن بۆ ئورووپا، نیاندەرتاڵەکان

[2] تابلۆی زیخ وێنەی ستایلدار و هێمادارن کە بە دڵۆپاندنی بڕێکی کەم لە بەردی وردکراو و ڕەنگاوڕەنگ دروست دەکرێن. هەرچەندە فۆرمێکی هونەرییە، بەڵام بەهای ڕێوڕەسمی ئەم چالاکییە لای خەڵکی ڕەسەن زیاترە لە بەهای جوانکاری.

دەستیان کرد بە گەڕان بەدوای چارەسەری نوێدا بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەیەکی سەرکەوتووتر ڕکابەریی تازەهاتووەکان بکەن.



هونەری زیخ و خۆڵەمێشی ناڤاجۆ لە لایەن مرۆڤە ڕەسەنەکانی قورنەی ئەمریکا

ئەم دۆزینەوە جەخت لەسەر گرنگی لێکۆڵینەوە لەم چەشنە دۆزراوە شوێنەوارانە دەکاتەوە بۆ کردنەوەی نهێنییەکانی ڕابردووی گەشەسەندنمان. لایەنە گرنگەکانی بریتین لە:

1 - بڕین و شێوازی جوڵەی مرۆڤەکە: شێوازی گرتن و بەکارهێنانی کەرەستەی مرۆڤ نیشانەی تایبەت بەجێدەهێڵێت بۆ کەسێکی ڕاست دەست، زۆرجار جوڵەی ئامێرەکە دەبێتە هۆی کێشانی تایبەتمەندی شوێنی بڕینەکان.

ئەوەی ئەم چالاکییە هونەرییە لەسەر شێوازی کارکردن لەسەر ئێسکە پشکنینکراوەکە دەریدەخات، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە نیاندەرتاڵەکان بە دەستی ڕاستیان کاریان کردووە.

2 - لێهاتوویی کاری دەستی نیاندرتاڵەکان: ئەم دۆزینەوەیە گەلێك سەرنجڕاکێشە چونکە ئەوە پیشان دەدات کە نیاندەرتاڵەکانیش هاوشێوەی مرۆڤی مۆدێرن حەزیان لە کارکردن بە دەستی ڕاست بووە. لێکۆڵینەوەکان لەسەر ئێسکەپەیکەر و نیشانەی سەر ئامرازەکان ئەوە دەردەخەن کە دەستی ڕاست لە نێو نیاندەرتاڵەکاندا باو بووە، تەنانەت ڕەنگە بە هەمان شێوەی مرۆڤی مۆدێرن بەسەر کارەکانیاندا زاڵ بووبن، کە نزیکەی زیاتر لە ٩٠%یان دەستی ڕاستن.

3 - گرنگی مەعریفی: دەستی ڕاست پەیوەندی بە "Lateralization"ی لایەنی مێشک واتە دابەشبوونی هەندێک ئەرک لە نێوان نیوەگۆی چەپ و ڕاستی مێشکەوە هەیە. ئەو ڕاستییەی کە نیاندەرتاڵەکان ڕاست دەست بوون، ڕەنگە ئاماژە بێت بۆ پێکهاتەی دەمار و توانای مەعریفی هاوشێوەی مرۆڤی مۆدێرن.